موراد قەرەیلان: دەکرێت نەورۆزی 2025 ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئازادی ڕەبەر ئاپۆ

موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێکەکە بانگەوازی بۆ بەشداربون لە ئاهەنگەکانی نەورۆز کرد و ڕایگەیاند، "دەکرێت نەورۆزی 2025 ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئازادی ڕەبەر ئاپۆ و چارەسەری پرسی کورد"، دەڵێت، "ئێستا تەکنیکەکمان هەیە کە دەتوانێت تەواوی باکوری کوردستان و هەتا نیوەی تورکیا بکات بە ئامانج و لە مەودای 800 کیلۆمەترەوە ئەنجامەکە بپێکێت، ئێگەر بمانوێت دەتوانین ئابوریی تورکیا و هەموشتێک بکەینە ئامانج و قەیرانێکی گەورە دروست بکەین".

موراد قەرەیلان لە بەشداری بەرنامەیەکی تایبەتی ستەرک تیڤییدا، لەخنەی لەو گوزارشتی 'تەسلیمبونا'ی گرت کە لەلایەن کاربەدەستدانی دەوڵەتی تورکیاوە بە بەردەوامی دەوترێتە وتی، "لە باسوخواسی پرسێکی سەد ساڵە و شەی 41 ساڵداین، پەویستە لە پەناو چارەسەریدا ئیدی کۆتایی بە زمانی دوژمنایەتی بهێندرێت و پەرە بە زمانی ئاشتیانە بدرێت، شتێ لە سودی هیچ کەسکدا نییە، ڕەبەر ئاپۆ پەرەی بە پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسی داوە کە بەشوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات".

قەرەیلان ناڕازایەتی بەرانبەر بەشێک لە سەرکردەکانی دەوڵەتی تورکیا دەربری کە بانگەوازی

چەکدانانی پەکەکە وەک "شکستخواردن" هەڵدەسەنگێنن وتی، "پەکەکە وەک ئایدۆلۆژیا، سیاسی و سەربازی لە بەهێزترین کاتەکانی خۆیدایە، پشتگیریدانمان بەم پرۆژەیە لە بەر ناچاربونمان نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە باوەڕمان بە دیدگا و پێگەیی ئاشتی و پێژەی ڕەبەر ئاپێیە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "نەورۆز گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە مێژوی گەلانی هەرێمەکە و کوردستاندا، ڕەبەر ئاپە پێش 52 ساڵ لە ڕۆژی نەورۆز دەرکەتنە مێژویەکەی دەرخست، لە کاتێکی گرنگدا پێشوازی لەم ڕۆژە پیرۆزانە دەکەین، بەتایبەت نەورۆزی 2025 نەورۆزێکی ئاسایی نییە، لە پرسیەکی مێژوی زۆر گرنگدا پێشوازی لە نەورۆزی 2025ی تەکشانی ئازادییدا دەکەین، گەلەکەمان ئەم نەورۆزە بە دروشمی 'ڕەبەرایەتی ئازاد، کۆمەڵگەی دیموکراتیک' پیرۆز دەکات. ئەم جددیترن دیاریکردنە، ئەم نەورۆزە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بە بە نەورۆزی چارەسەری و ئازادی ڕەبەر ئاپە".

موراد قەرەیلان دەڵێت، "زۆر لایەن هەن کە دەیانەوێت ئەم پرسیە تەکبدەن، هۆنە کە هەندێک لایەن لە لایەنی حکومەت و هێزەکانە لە لایەنی کوردیشەوە هەیە کە دەیانەوێت ببنە هۆی تەکدانی ئەم پرسیە، لە هەموی گرنگتر، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر لایەن هەن کە دەیانەوێت ئەم شەڕە بەردەوام بێت، چونکە زۆربەی ئەمانە سود لەم شەڕە وەردەگرن، هەر بۆیە ڕەبەر ئاپە دەیەوێت ئاراستەکان بگۆڕێت، واتا کەسانێک هەن کە شەیان دەوێت، مرۆڤ لەیان تەدەگات، سروشتییە ئەوان زمان تیژ بن و هەرچییەک دەتە مشکیان بیەن، بەڵام بەکارهێنانی هەمان زمان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە کە وەزیرن و ئەرکی فەرمییان لەسەرە، بابەتێکی ترە و نابێت بەو شێوەیە بێت. ئەمە ئاشتی دروست دەکەین یان دەمانەوێت یەکتر لەناو ببەین؟".